

# وەزیری ژینگە: وەزارەتی وا هەیە بودجەکەی ٢٠٠ ئەوەندەی وەزارەتی ئێمەیە

**هاوار ساڵەیی _ کەرکوك**

لەدیمانەیەکی تایبەتی پێگەی ناوخۆدا وەزیری ژینگە دارا محەمەد کەریم باس لەچۆنێتی کارەکانی دەکات بۆ ژینگە، باس لەوە دەکات کە خەڵکی چۆن وشیار بکرێنەوە بۆ ئەوەی هەموو کەسێك لای خۆیەوە هەست بە لێپرسراوێتی بکات بۆ پاك ڕاگرتن‌و پاراستنی ژینگە.

* سەرەتا دەکرێت باسێکمان بۆ بکەیت لەسەر کارو پرۆژەو چالاکیەکانی وەزارەتی ژینگە ؟

- بەناوی خوای پەخشندەو میهرەبان, وەزارەتی ژینگە یەکێکە لەو وەزارەتە نوێیانەی کە بەر لەساڵ‌و نیوێك پێش ئێستا دروست بووە، وزارەتەکە خۆی لەعێراقی فیدراڵیشدا لەدوای ڕوخاندنی ڕژێمی بەعس دروست بووە، ژینگە یەکێکە لەبوارە هەرە گرنگەکان کە لەپێناسەی ژینگەدا دەردەکەوێت، لەدونیادا گرنگیدان بەژینگە هەرچەندە مێژوویەکی درێژی هەیە، بەلآم شێوازی جوراوجۆری لەخۆ گرتووە، دروستکردنی دامودەزگای ژینگەیی وەزارەتەکان‌و ئەو دەزگایانەی کار بۆ ژینگە دەکەن لەدوای کۆنفرانسی ستۆکهۆلم لەساڵی ١٩٧٢ وە، دەستکرا بەوەی کە چۆن کار بکەن بۆ ژینگە لەدوای ئەوەوە لەولآتانی دونیا دامودەزگای ژینگەیی دروست بوو، هەموو لێکۆلینەوە زانستیەکانیش ئەوە دەردەخەن کە کێشە هەرە گرنگەکان کە ڕووبەڕووی ژیان دەبێتەوە لەسەر گۆی زەوی ئەویش کێشە ژینگەیەکانە، کێشەی ژینگەییش کاتێك دروست دەبێت ئەتوانم بڵێم کە تەنها یەك ولآت‌و یەك ناوچە ناگرێتەوە، بەڵکو سنووری نیەو هەموو ناوچەکان دەگرێتەوە، مەترسی ژینگە تەنها لەسەر مرۆڤ نیە، بەڵکو لەسەر هەموو زیندەوەرو ڕووەکەکانیشە، بۆیە ئەو بوارە یەکێکە لەبوارە هەرە گرنگەکان کە دەبێت گرنگی پێ بدرێت.

لەسەرەتای دروستبوونی وەزارەتی ژینگە لەهەرێمی کوردستان، ئێمە ڕووبەڕووی ئەرکێکی قورس بووینەوە، چونکە پێشتر دامودەزگای ژینگەییمان نەبووە لەهەرێمی کوردستاندا، پێشتر کادری شارەزامان لەبواری ژینگەو یاسای ژینگەییمان نەبووە، بەلآم ئێمە توانیمان لەماوەیەکی کەمدا وەزارەتی ژینگە دروست بکەین‌و یاسای وەزارەتیش دابنێین‌و یاسای پاراستنی ژینگەش ئامادە بکەین‌و بەرێوبەرایەتیەکان بکەینەوەو توانیمان دەست بکەین بەپەیوەندیکردن لەگەڵ ولآتانی دونیادا کە هاوکارمان بن لەبواری ژینگەو ناردنی کادرەکانمان بۆ مەشقکردن لەدەرەوەی ولآت، ئێستاش خەریکی نوسینی چەند پرۆتۆکولێکین

لەبواری ژینگەییدا لەگەڵ ئەو ولاَتانەدا، هەموو ئەمانە ئەتوانم بڵێم کارێکی گرنگ بوو بۆ کارەکانی ئێمە لەهەمموو ڕوانگەکانەوە، ئێستاش هیچ پروَژەیەکی وەکو پروَژەی پیشەسازی یان خزمەتگوزاری یان بازرگانی بەبێ ڕەزامەندی وەزارەتی ژینگە لەکوردستان ناکرێت، دەبێت وەزارەتی ژینگە ڕەزامەندی خۆی بۆ ئەو پرۆژەیە دەرببڕێت، دەبێت پروَژەکە هەڵسەنگاندنی کاریگەری ژینگەیی بوَ بکرێتو موَڵەتی پێ بدرێت، ئەو پروَژانەی کە پێشتریش کراون بەپێی یاسای پاراستنی ژینگە ئەوانیش دەکەونە ژێر چاودێری ژینگەوە، چونکە ئەوانە کێشەیان دروست کردووە بوَ ژینگە وەك ( کارگەکانو ناوچە پیشەسازیەکانو داپڕینو ڕاوکردن ), ئێمە بەرێوبەرایەتیەکمان هەیە بوَ کاروباری تەکنیکی کە چاودێری ئاوو هەواو تیشكو ناوچە سروشتیەکان دەکات، بەڕێوبەرایەتیەکیشمان هەیە بوَ وشیاریو ڕاگەیاندن کە ئەوە تەوەرێکی زوَر کاریگەری ژینگەییە، چونکە پێمان وایە ئەگەر خەڵك وشیار بێت ئەتوانێت پارێزگاری ژینگە بکات، ئەگەر خەڵك وشیار نەبێت ئەوە هەموو کەس لەشوێنی خوَیەوە تێکدەرێك دەبێت بۆ ژینگە، پاراستنی ژینگە ئەرکی هەموو تاکە کەسێکە، ئەگەر هەموو کەس وشیار نەبێت بوَ پاراستنی ژینگەی ماڵو کۆڵاَنو شەقامو شارو وڵاتەکەی خوَی، ئەوا هیچ دامودەزگایەکی حکومی ناتوانێت فریای ئەوە بکەوێت کە چارەسەری کێشە ژینگەییەکان بکات، بوَیە بواری وشیارکردنەوەی خەڵکیش بوارێکی گرنگی ئێمەیە، لەو بوارەشدا دەیان کوَرو سیمیناری جوَراو جوَرمان سازکردووە لەشارو شاروَچکەکانی کوردستان بوَ بەرپرسان، تەنانەت من چووم بوَ پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بەکێشە ژینگەییەکان هەندێك ڕوونکردنەوەمدا، ئێمە گوَڤاری مندالاَنو گوَڤاری زانستیو بلاَوکراوەمان هەیە، ئەمانەش هەمووی لەپێناو وشیاری ژینگەییو بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاری ژینگەییە، تا چوَن هەموو لایەکێکمان کار بکەین لەپێناو پاراستنی ژینگەدا، چونکە تێکچوونی ژینگە بلاَوبوونەوەی مەترسیو دەیان نەخوَشی تێدایە وەکو کوَلێراو مەلاریاو نەخوَشیەکانی دڵ، هەموو ئەمانەش ڕاستەوخوَ پەیوەندیان هەیە بەتێکچوونی ژینگەوە یان بەهوَی پیسبوونی هەواوە یان بەهوَی پیسبوونی ئاوەوە بڵاو دەبنەوە، دەبێت ئێمە کار بکەین بوَ خوَپاراستنو پێش چارەسەر، بۆیە ژینگە پێشتر پێت دەڵێت چوَن خوَت دەپارێزیت پێش ئەوەی مەترسیەکان ڕووبدات، چونکە کاتێك کە ژینگە تێکدەچێت مەترسیەکانی کتوپر نیە پلەبەپلە دەردەکەوێتو زوَر نادیارەو کاتێك دەزانیت ناوچەیەکی زوَری فراوانی تەنیوەتەوە، بوَیە دەبێت ئەو بواری ژینگەیە زوَر زیاتر لەمەی ئێستا گرنگی پێبدرێت، چۆن وڵاتانی جیهان گرنگییان بەژینگە داوەو چ دەسەڵاتێکیان داوە بەوەزارەتی ژینگە، هیوادارم حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بەو شێوەیەی ئەوان گرنگی بدات بەژینگە، دەبێت لێکوَڵینەوەی زانستی زوَر بکرێت لەبواری ژینگەدا تا هەموو کەس بزانێت ژینگە چیەو ژینگە چی پێویستە بوَی بکرێت.

* کارگەی ئاو مێدایکا بوَ دروستکردنی دەرمان کە لە شاری هەولێر دروست دەکرێت لەتەواو بووندایە، چوَن وەزارەتەکەی  ئێوە موَڵەتی پێدا لەکاتێکدا ئەو کارگەیە بەجۆرێك لەجۆرەکان هۆکارێکە بوَ پیسکردنی ژینگە، بەتایبەتیش لەتێکەڵبوونی ئەو مادە کیمیاییانەی کە دەرمانیان لێدروست دەکرێت؟

- ئەو کارگەیە بەر لەدەستبەکاربوونی وەزارەتی ژینگە موَڵەتی پێدراوەو دەستبەکار بووە، ئەو کارگانەی کە دوای دەستبەکاربوونی وەزارەتی ژینگە کراونەتەوە هەمووی بەڕەزامەندی ئێمە بووە، ئەوەش یەکێکە لەو کارگانەی کە پێش دروستبوونی وەزارەت دەستی پێکراوە، ڕاستە یەکێکە لەهۆیەکانی تێکدانی ژینگەو بەهیچ شێوەیەکیش نابێت کارگەی دەرمان لەناو شاردا بێت، چونکە ئەو ڕەساسەی کەوا لەو کارگەیەو لەئوتومبێلەکانمان دەردەچن مەترسییەکی زوَر دروست دەکات لەسەر ئەوەی کەوا دەرمانەکە لەجیاتی ئەوەی چارەسەر بێت دەبێتە کوشندە، بەلاَم ئەوانە پێش دەستبەکاربوونی وەزارەت موَڵەتیان پێدراوە، ئێمەش یاسایەکمان داوەتە پەرلەمان ئەگەر یاساکە پشتگیری لێبکریت دەتوانین مامەڵە بکەین

لەگەڵ یەکەیەکەی ئەو کارگانە، پێشمان وایە یەکێکە لەبوارە مەترسیدارەکان کە کاریگەی لەسەر ژینگە هەیە، بەپێی ئەو یاسایە بۆمان هەیە هەر پرۆژەیەك مەرجی پاراستنی ژینگەی تێدا نەبوو یان مەترسی لەسەر ژینگە دروستکرد ئاگاداری بکەینەوەو چارەسەری بکات، ئەگەر چارەسەری نەکات دەبێت دابخرێتو دووربخرێتەوە لەشار، ئەوەش تا یاساکە دەرنەچێت ئێمە لەسەر ئەو پرۆژانەی کەوا پێشتر دروستکروان ناتوانین پێیان دابخەین یان ڕێگایان لێبگرین.

* قسە لەسەر ئەوە دەکرێت کەوا بەڕێزتان دەسەڵاتتان لەچەند بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتیی لەوەزارەت سەندبێتەوە، لەوانەش بەڕێوەبەرایەتی گشتیی تەکنیکیو بەرێوەبەری گشتی هۆشیاریو ڕاگەیاندن .. بۆچی؟

- نا, ئێمە بۆچی دەسەڵاتیان لێدەستێنین، بەپێچەوانەوە من زۆرینەی دەسەڵاتەکانی خۆشم داوە بە ئەوان، تائێستا هەموو ئەو پرۆژانەی کەوا مۆڵەتیان دراوەتێ بەرێوەبەرایەتی گشتی تەکنیکی مۆڵەتی داونو من دەسەڵاتی ئەو مۆڵەتدانەم داوە بەئەوان کە خۆی دەسەڵاتی وەزیرە، بەپێچەوانەوە ئەوان خۆیان خاوەنی بڕیارو دەسەڵاتن، من لەبەر ئەوەی سەرقاڵمو کاری زۆرم هەیەو زۆر جاریش سەفەر دەکەم دەبێت کارەکان دابەش بکرێت، هەر لەسەرەتاوە کارەکانی خۆمم دابەشکردوەو کەمترین کاری ئەوانیش دێتە لای من، چونکە من سەرقاڵی کاری وەزارەتو هێڵە گشتیەکانو پلانی وەزارەتو یاسی وەزارەتو ئیدارەکردنی وەزارەتم، من لەسەرەتاوە ئەو کارانەم دابەش کردووە بەسەریاندا، بەڵام پێدەچێت حاڵەتێك هەیە ئەویش ئەوەیە دەسەڵات لەوەزارەتێکەوە بۆ وەزارەتێکی تر دەگوێزرێت، هەر خۆی دەسەڵاتی وەزارەتی ژینگە دیاریکراوەو بودجەی وەزارەتی ژینگە دیارە، وەزارەتمان هەیە هەشتسەد ملیار دینار بودجەکەیەتی کەچی وەزارەتی ژینگە چوار ملیار دینار بودجەیەتی، ئەو وەزارەتەی کە هەشتسەد ملیار دینار بودجەکەیەتی بەڕێوەبەری گشتی سەد ملیار دینار لەدەسەڵاتیدا هەیە، بەڵام هەموو وەزارەتەکەی ئێمە چوار ملیار دینار بودجەکەیەتیو بگرە کەمتریش، دیارە دەسەڵاتی وەزیرو بەڕێوەبەری گشتی دیاریکراوتر دەبێت، هەر کەس بەقەدەر وەزارەتەکەی خۆی دەسەڵات دەدات، بەپێچەوانەوە من ڕۆژێك لەڕۆژان لەبەڕێوەبەرەکانی گشتی خۆمم نەبیستووە لەدەسەڵاتیان کەم کرابێتەوە یان دەسەڵاتیان پێنەدرێت.

* تاچەند حزبایەتی لەناو وەزارەتی ژینگەدا دەکرێت ؟

- حزبایەتی کردن لەناو وەزارەتدا نیە، ئەوانەی لەنزیکیشەوە لێرەن زۆرباش دەزانن من ئەو کەسانەی کەوا هاتوون بۆ وەزارەت خۆیان خۆیان نەقڵ کردووە یان کەسمان نەبووەو خۆم لەشوێنیان گەڕاوم، لەوەزارەتی ئێمەدا مەسیحی هەیە، لەوانەیە بەڕێژەش مەسیحیەکانمان زیاتربێت، بەهەمان شێوە لەهەموو لایەنەکانی تێدایە وەك ( پارتیو یەکێتیو ئیسلامیو ...هتد ) من بڕوام بەحزبایەتی نیە لەناو دامودەزگای دەوڵەتدا، چونکە حزبایەتی کردن یەکێکە لەهۆکارەکانی دروستبوونی گەندەڵی، منیش خۆم ڕێگەی پێ نادەمو هەرکەسێك کاری خۆی دەکاتو خۆم بەڕێوبەرە گشتیەکانی خۆمم ئاگادار کردووەتەوە کە پێویستمان بەپسپۆرو کارمەندو فەرمانبەر هەیە، کێ بەباش دەزانن پرۆن بیهێننو هەر بیرو بۆچوونێکیشی هەیەو لەهەر پارتێکەوە بێت، گرنگ ئەوەیە کە من پێویستم بەئەندازیار، فیزیایی، کیمیاییو جیلۆجی هەیە، ئیتر ئیسلامی بێت یان شیوعی بێت گرنگە کار بۆ من بکات، من تائێستا لەوەم نەپرسیوەتەوە.